
# پرۆژەی حەزە وردیلەییەکان ......33



# تۆ وووووو من

## جەزا چنگیانی

تۆ شێتی یان من ؟؟ تۆ شەیدای یان من ؟؟؟ تۆ دێوانەی یان من ؟؟؟ تۆ ڕاستی یان من ؟؟ من وونم یان تۆ ؟؟؟ تۆ ڕوونی یان من ..تۆ بوونی یان من ؟؟؟هەردووکمان بوونین.. تۆ



تۆیت و من منم ... من نازانم لە دوای منەوە لە کۆێ جەستەی تەڕئاڵۆشت لەبەر گڕی ناوگەڵی چ پیاوێکدا هەڵخستووە.تۆش نازانی لە دووری تۆ من بۆ پێخەڤ شەوانی بێ تۆ جەستەی ڕووتی چ ناسکە ئافرەتێکم لە جیێ تۆ لەسەر جەستەو ڕۆحم ڕاخستووە..وەلی دەزانم ئیستا تۆ ئەکتەریکی شکستخواردوی شانۆی سێکسیت تەمەنی کاتەکانت تەنیا بە سارد بوونەوەی

شەهوەتی نێرینەکەی نێو پێخەفەکەتە.جیاوزای سێکسەکانی منی ڕۆحی و تۆی حەشەری تەنیا ڕۆحە . بۆیە هەرچی من لە تەك تۆ و ئافرەتەکانی دوای تۆ کردوومە ڕۆحم بووە نەك جەستەم , تۆش هەرچی لە تەك من و پیاوەکانی پشت و پێشی تەمەنی پێکەوە بوونمان کردووتە جەستە بووە نەك ڕۆح...هەرچی دەکەیت گەردنی حەزت ئازاد بێت. هەرچی دەکەیت ڕۆحت ئارام بێت.ئەزانی بۆ چونکە منیش دوای ماڵئاوی و تورە بوونی تۆ چەند ئافرەتم ناسی.چەند گۆپکەی مەمکی خرپن و زمانە تووتەی ناوگەڵم مژی.چەند شەوی بیٚ تۆ تەنیا بووم.چەند شەو چەند جەستەی نەرم و هاو پێخەفم بوو کەچی لە هەرماچیکدا یادی لێوەکانی تۆ ولە هەر تەکانێکی ڕۆحدا زریکەی ڕەحەت بوونی تۆ و لە هەر باوەشیکدا ڕۆحم بۆنی بنباخەڵ و ژێر مەمکانی تۆی دەویست ئەمە جادووە یان نهینی ڕۆح ؟؟؟ ئیستا کە جەستەی ڕووتی ناتالیا بە دەوری جەستەی ڕووتی خۆمدا خوولدەدەم و وێنەی جەستەی تۆ لە ئاوینەی ڕۆح وبۆنی دەمی تۆ لە دەمی ئەو دەکەم.دەزانی بۆ ؟ چونکە لەو ڕۆژەوەی من تۆم ناسی لە ڕۆحەوە تۆم خۆشدەویست کەچی تۆ تەنیا کەپیتالەکەی منت دەویست .جیاوازی من تۆ لە ڕۆح دایە هەڵەی تۆش لە گوڕباشۆف و پڕۆسترۆکیایە **نەك تۆ Anna**.

سان پیترسبۆڕگ .....06/01/2006

jazachingiani@hotmail.com
www.chingiani/de